# (با )ی مەرگ

ئیسماعیل کەریم
ئەڵمانیا

ژیان ساردە،، ئەگەر پشکۆی خۆشەویستی تیا نەمێنێ
سیمای مرۆڤەکان ڕەشە،، ئەگەر وەفاو بەرائەتی لا نەمێنێ
پێ دەشت چیە؟ئەگەر سۆزی عەشقێکی پاک تیا هەڵ نەکات؟؟؟
،کوانێ جوانی نێرگزە جاڕ،،ئەگەر بۆنێک بە ڕێبوارانی دێ نەدا
دەریا ئەگەر کەنارێکی،، نەبێت بۆ ئارامی گرتن
سەفەر لە نێویدا بێشک،، سەوڵ لێدانە بۆ مردن
دڵێک لە ژیندا کەس نەبێت گوێ ڕادێرێ بۆ ڕازێکی
لە کار دەکەوێت ئەو دڵە ،، لە تاو ئازارو ژانێکی
هەر بە پشکۆی خۆشەوویستی،، بە وەفاو بەرائەتمان
ئاگری عەشق هەڵدەکەین لە گەرمیان و کوێستانمان
لە کەناری دەریایەکدا،، گوێ رادێرین بۆ ڕازی یەک
نەبا (با)ی مەرگ هەڵ بکات،، ئەم دڵانە نەگەن بە یەک [1]

........................................................................................

1 شێوە دێڕێکی شاعیر... قوبادی جەلی زادە یە